www.kurdistannet.org
6-3-2003 23:46

# هەرەشەو دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستانی عێراق ئاکامی دەستێوەردان و جەنگخوازی ئەمریکایە!

عبدالله مەحمود
abdollamahmud@yahoo. com

هەروەك چاوەروان دەكرا ڕژێمی فاشستی توركیا، بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە دژی ئینسانیەکانی لە ئامادەکاری بەردەوامدایە بۆهێرشکردنە ناو کوردستانی عێڕاقەوە.

دیارە لەشكرێشی و دەستێوەردانی ڕژێمی فاشتی تورکیا بە دریژایی ١٢ ساڵەی ڕابردوو، چ بەشێوەی لەشكركێشی ئاشكرا لە ژێر ناوی پاراستنی ئەمنی قەومی تورکی و بەرگرتن بە جموجۆڵەکانی پەکەکە، وە ناردنی هێزی چەند هەزارکەسی P. M. Fلە ژێر ناوی هێزی ئاشتی پارێز، و چ بە ڕێگای قوتکردنەوەی بارەگا بۆ میتی تورکی و چ لەژێر ناوی خزمەتگوزاری و چ لەسەر بانگەوازی ئەحزابی کورد، بەردەوام بووە.

لەشكركێشی و دەستێوەردانی هەمە لایەنەی ڕژێمی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا بە دیاری کراوی هاوکاتە لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی کەنداو، و دانانی "ناوچەی ئارام "کە لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە و لەژێر ناوی پاراستنی کوردستان لەدەستێوەردانی ڕژێمی بەعس و وولاتانی ناوچەکە داسەپێنرا. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ چ ڕژێمی تورکیاو چ ڕژێمی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی و تەنانەت ڕژێمی بەعس لەشكركێشی و دەستێوەردانیان بە شێوەی جۆراو جۆر درێژە پێداوەو ناوچەی ئارامی!! کوردستانیان، بێئەندازە نائارام کردووە، وبونەتە مایەی کوشتاری خەڵکی بێتاوان و زەرەر مەندکردنی دانیشتوان و نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام وتەنانەت بونەتە لایەنێکی هاوکێشەی سیاسی کوردستانی عێراق. ئەحزابی قەومی کورد لەونێوەدا دەوری سەرکیان بووە لە لەشكركێشی وولاتانی ناوچەکەو زەمینە سازکردن بۆ دەستێوەردانی هەمەڕۆژەی ئەم دەوڵەتە کۆنەپەرست و دژی ئینسانیانە.

ئەحزابی قەومی کورد، لەجەنگی کەنداودا هەروەکو ئەمرۆ هەموو ئومێد و ئاسۆی سیاسی خۆیان بەستەوە بە سیاسەتی ملهوڕانەی" داسەپاندنی نەزمی نوێ ی دنیا"، و وەکو چاوەڕێش دەکرا لەپاڵ بەرەی کۆنەپەرستی جەنگدا، بەرەی کۆنەپەرستانەی خۆیان لەگەڵ شیعەکانی جنوب و ئەحزابی تری سەربەئێران و تورکیا سازداو کەوتنە پێشوازی لە جەنگخوازی ئەمریکاو سیاسەتەکانی. لەجەرگەی ئەو ئەوزاعەدا و لەفرسەتێکدا کەبۆ خەڵك هاتە پێشەوە، خەڵك چ لەخواروی عێراق و چ لەکوردستاندا نەفرەت وناڕەزایەتی پەنگخواردوی خۆیان داباراندە سەر دام ودەزگاکانی ڕژێمی بەعس کە سەرئەنجام زوربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە دەسەڵاتی درندەی بەعس پاکرانەوە، کە دیارە ئامانجی خەڵك ڕزگاربوون بوو لەدەست ڕژێمی درندەی بەعس، بەڵام بەو هۆیەوە کە خرۆشانی جەماوەری خەڵکی خواروی عێراق و کوردستان بەرئەنجامی خەباتێکی لە پێشینەی سیاسی و لەدرێژەی خرۆشانی پێشترو ئالوکۆڕی تەوازنی هێزی بە قازانجی خەڵکدا نەبوو، لەگەڵ بزوتنی ڕژێمی بەعسی لاوازی تازە دەرهاتو لە جەنگدا، خەڵك نەیان توانی هیچ مقاوەمەیەك نیشانبدەن و ئەمەبوو خەڵك ئاوارەی سنورەکانی عێراق–ئێران، عێراق–تورکیا بوون.

کارەساتی ئاوەرەبوونی ملیۆنی خەڵکی لەدەست دڕندەیی بەعس، لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە بوو بەوەی کە "ناوچەی ئارام" قوت بکەنەوە. ئەحزابی قەومی کوردیش کە ئاسۆی خۆیان زاڵکردبوو بەسەر خرۆشانی جەماوەری ئازاردا لە جیاتی کەڵك وەرگرتن لەو فرسەتەو پێداگری لەسەر کۆتایهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی

www.kurdistannet.org
6-3-2003 23:46

سەر خەڵکی کوردستان و هێنانە گۆڕی خواستی سەربەخۆی و پێکهێنانی دەوڵەت، کەوتنە پێشوازی لە تەرحی دانانی ناوچەی ئارام، کە پێشوازی لەم تەرحە نەك بە قازانجی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکو مەسەلەی ستەمی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستانی هێنایە خوارەوە بۆ مەسەلەی ئاوارەکانی کوردو پاشان پاراستنیان لە ئاوارەیی تر. ئەحزابی قەومی کورد ئەو فرسەتە مێژوییەشیان کردە قوربانی خۆش خزمەتی بە سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکا، تا لەونیوەدا شتێکیان پێببرێت. سەرئەنجام بە پێشوازیان لە تەرحی ناوچەی ئارام و ملیتاریزمی ئەمریکا کرانە پاسەوانی کۆمەڵگایەکی بێناو نیشان و ئاوارە.

وە کۆمەڵگای کوردستان بەکردەوە لەنەخشەی دنیادا سڕایەوە و بوو بەناوچەیەکی هەڵواسراو بی سەرەو بەرە. لەشکرکێشی و دەستێوەردان بووە واقعیەتێکی تاڵی هەموو ڕۆژە.

بەلام ئەگەر لەشکرکێشی ١٢ ساڵەی ڕابردوو ئاکامی ڕاستەو خۆی جەنگی کەنداو بیسەرەوبەرەیی و هەڵواسراوی ناسنامەی حقوقی کوردستان بوە لە نەخشەی دنیادا، ئەوا لەشکرکێشی ئەمجارەی ڕژێمی تورکیا لە چوارچێوە و لەدرێژەی هەمان سیاسەتی میلتاریزەکردن و جەنگخوازی ئەمریکادایە، و پەردەی دوەمی شەڕی داسەپاندنی دەوری تاقانەو تاکهێزی خۆیەتی بەسەر دنیای ئەم سەردەمەدا.

تورکیا دەیەوێت لە چوارچێوەی شەڕخوازی ئەمریکا لە ناوچەکەو ئەو ئالوگۆڕانەی کە ئەمریکا بەدواوەیەتی لە عێڕاقدا بەگشتی و لە یەکلایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستاندا بەتایبەتی دەوری بەرجەستە بگێڕیت و بەربگرێت بەهەر بزوتنەوەیەکی رادیکال ئەگەر بیەوێت خواستی سەربەخۆی و جیاکردنەوەی کوردستان دەست بۆ ببات، لەوەش واوەتر ئەگەر بۆی بچێتە پێشەوە دەیەوێت لەوەزعی ئالۆزکاوی جەنگدا فرسەتی وەدی هێنانی تەماحە کۆنەکانی بقۆزێتەوە، وەکو مەسەلەی موسل و کەرکوك و تەنانەت مەسەلەی ئەوەی کە کوردستانی عێراق بەپێی بڕیاری پەرلەمانی ساڵی ١٩٢٠ بەشێکە لە کۆماری تورکیا و دەبیٚ بۆی بگێردرێتەوە.

لە کاتێکدا هەرکام لەو مەسەلانە بەئاشکرا پێداگریان لەسەر کراوە، و بەئاشکرا ڕاگەیەنراون. ئەحزابی قەومی کورد بە پێچەوانەوە چ دەوڵەتی فاشستی تورکیاو چ ڕژێمی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامیان وەکو دۆست و پشتیوانی خەڵکی کوردستان ناساندوەو سپاس گوزاری ئەم دۆستایەتیەیان!!بوون.

ئەم ڕۆژانە کەمەسەلەی داسەپاندنی جەنگ خوازی ئەمریکا نزیك بۆتەوە، بەمانای نزیك بونەوەی ئاڵوگۆڕێکی کۆنەپەرستانەی ترە لە عێراق و کوردستاندا و تەنانەت ناوچەکەشدا، نزیك بونەوەی کۆتایهێنانە بە شێوەی هاوکێشەکانی پێشو و هێنانە گۆڕی هاوکێشەی تازە، کە لەپێش هەموویانەوە کۆتایهێنانە بەوەزعیەتی هەڵواسراوی کوردستان و گێڕانەوەی کوردستانە بۆ ژێر سایەی عێراقی دوای جەنگێکی کاولکارانەو یۆ ژێر چەتری دەسەڵاتی خوازیاری ئەمریکا چ بەدانانی ژەنەراڵی عەسکەری وەکو حوکمێکی سەربازی یان حوکمی شیعەکان و چەلەبی و سامەرایەکان. کە لەوەها وەزعیەتێکدا وەزعیەتی کوردستان نەك بەرەوپێش ناڕوات و خەڵکی کوردستان قازانجێکی تیا ناکەن، بەڵکو خەڵکی کوردستان و ئایندەکەی بەرەو سیناریۆیەکی ڕەش پالْ پێوەدەنرێت. لەکاتێکدا دەکرا ئەمە بەم شێوەیە نەبێت و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان پێشێل نەکراباو نەکەوتبایە بەردەم گەمەی سیاسەتی میلتاریستانەی ئەمریکاو ناتۆ، ئەمیش بەوە دەبوو کەئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان لەو ڕاستیە حاڵی بوبان کەوەزعیەتی سەرگەردانی و بێناسنامەیی کۆمەڵگای کوردستان حاڵەتێکی ڕاگوزەرەو بێگومان لەبەردەم یەکلاکردنەوەدا بووە، بەڵام یەکلاکردنەوەکە بەر لەهەمووشت تەنها بەدووباردا پێشبینی کراوە. یان ئەوەی کە خواستی جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهاتنی ووڵاتێکی سەربەخۆ بکرایە بەخواستی مادی و بەکردەوەی هەرئەمرۆی خەڵکی کوردستان و فەرزکرابا بەسەر ناوەندە

نیودەوڵەتیەکانداو کە بێگومان ئەمە ئیمکانی هەبوو وەهەیە. کەئەمە بەمانای بەیەکجاری دەستکۆتاکردنی ڕژێمی ئیستای بەعس و هەر ڕژێمێکی تری کۆنەپەرست کەئەمریکا خەریکە دایبسەپێنی دەبوو لەکوردستانداو بۆیەکجاری ستەمی نەتەوایەتی سەرخەڵکی کوردستان کۆتایی دەهات. یان ئەو ڕێگایەیە کە ئێستا خەڵکی کوردستان و تەنانەت دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی ڕوبەڕوی بۆتەوە. کە ڕێگای تەسلیم کردنەوەی خەڵکی کوردستانە بە ڕژێمی ئەلقە لەگوی سەر بەئەمریکای سبەینی (ناسیونالیزمی کور هەر لەسەرەتاوە ئەم ڕێگایەی هەلبژارد) . لەو نێوەدا ئەوەی بەڕاستی دەبێتە سوتەمەنی و خۆراکی جەنگی ئەمڕۆ و جەنگی دوبارەی دەسەڵاتی داهاتوی سەر بەئەمریکا تەنها خەڵکی مەحرومی کوردستانە و هەوڵەکانی تورکیاش تەنها بەدوای وەها ئایندەیەکەوەیە.

خەڵکی کوردستان ئێستاش بەهاتنە مەیدانی ملیۆنیان لەدژی جەنگ خوازی ئەمریکا و پەیوەست بونیان بەڕیزی ملیۆنی دنیای مەتمەدینی دژی جەنگ، خۆ جیاکردنەوەیان لە سیاسەتی دۆڕاوی ناسیونالیزمی کورد و هێنانە گۆڕی خواستی جیابونەوە و داسەپاندنی بەسەر ناوەندە نێودەولەتیەکاندا، لە جێگای شیعاری کۆنەپەرستانەی" بەڵی بۆ جەنگی ئەمریکاو بۆش نا بۆ دەستێوەردانی تورکیا و وولاتانی ناوچەکە" کە ئەحزاب قەومی کورد لەسەر لێشیواوی و بن بەستی خۆیاندا بەرزیان کردۆتەوە. ، ئەو ڕێگایەیە کە دەتوانی هاوکێشەی وەزعی کوردستان بە ئاقارێکی تردا بەرێت کە تیایدا خەڵکی کوردستان لەسەرکوت و بێماف میللی رزگاری دەبێت.

هەرئەمەش دەستی ڕژیمی ئایندەی عێراقی دوای سەدام حسین و دەستی وولاتانی وەکو ئێران و تورکیا کۆتا دەکات لەدەست تێوەردان و لەشکرکیشی. ئاخر ئەگەر کورستانی عێراق ببێت بەدەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراوی نێودەوڵەتی هەرهەرەشەو دەست تێوەردانیکی دەرەکی وەکو خەرقی دەولی بە حساب دێت و ڕووبەڕوی ڕەئی گشتی و ڕەسمی نیودەوڵەتی دەبێتەوە.

خۆ ئەمە عەقلێکی زۆری ناوێت، تائەوکاتەی کوردستانی عیراق بێسەرەو بەرەیی وبێناسنامەی ووڵاتی نەبوو بە پێناسی، هیچ دەوڵەت ولایەنێکی دەرەکی نەیدەتوانی دەستێوەردان و لەشکرکێشی بۆبکات. لەوکاتەوە دەوڵەتی عێراق پێکهاتووە تا جەنگی کەنداو سەرباری هەرئیدعاوتەماحێك کەتورکیا ووڵاتانی تر بویانە لە عێراق و کوردستاندا، نەیان توانیوە لەشکرکێشی ودەست تێوەردان بکەن.

بۆیە دەست تێوەردان و لەشکرکێشی ووڵاتانی ناوچەکە لە کوردستاندا، ڕاستەوخۆ ئاکامی جەنگی کەنداو بێناسنامەی کوردستانی عێرآق بووە لە جغرافیای سیاسی دنیادا.

دیارە دڕندەیی ڕژێمی تورکیا لەکەس شاراوە نیە (هەرچەندە ئەحزابی قەومی کورد هەرگیز شەهامەتی ووتنی ئەم حەقیقەتەیان نیە) و مێژویەکی سەراپا ڕەشی هەیە، و دەبیٚ هەموو کەسێکی ئینسانیخوازو پێشکەوتنخواز لەدژی لەشکرکێشی ودەستێوەردانی ئەو و ڕژێمی ئێران و هەر ڕژێمێکی تر بوەستنەوە چونکە ئەمە بەر لەهەموو شت پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانە.

سەیر ئەوەیە ئەحزابی قەومی کورد لەکاتێکدا پێشوازی لە جەنگخوازی ئەمریکا و ناتۆ دەکەن و وەکو فریشتەی ڕزگاری خەڵکی عێراق وکوردستان تەماشای دەکەن، لەشکرکێشی و دەستێوەردانی بەڕەسمی دەناسن، لە لایەکی ترەوە خەریکی بەرزکردنەوەی دروشمی"ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی ئیقلیمی""پاراستنی کوردستان"ن. کە ئەمە لە کاریکاتێرێك زیاتر ناتوانیٚ شتێکی تر بێت. لەوەش واوەتر شیعاری "پاراستنی کوردستان"لە مەنتیقی ناسیونالیزمی کوردا کە کۆمەڵگای عیراق لەبەردەم نابوت کردن وکاولکاری و کوشتاری

بەکۆمەڵدایە، شیعاریکی نەك هەر کۆنەپەرستانە بەڵکو فاشستانەیە. ناکرێت لەکۆمەڵگایەکدا بژیت و چەپڵە بۆکوشتاری بەشێکی زۆری خەڵك لێبدەیت کە بەزمانیکی تر قسەئەکەن و بڵی ئەوان قەیناکات بە مەرجێك ئێمە هیچمان لێنەیەت. . ئەمە فاشیزم نەبێت هیچی تر نیە. خەڵکی عێراق بەگشتی بەعەرەب وکوردو کەمەنەتەوەیەکانیەوە، دەبیٚ هەم دژی جەنگخوازی ئەمریکا بێنە مەیدان وبە بەرەی دژی جەنگ پەیوەست بن، هەم لەبەرەسمی ناسینی مافەکانی یەکتریدا کە تەعبیر لە حەقانیەت و ئینسانیەت بکات تیبکۆشن.

گرتنەبەری ئاوا ڕێگایەك، دەروازەیەکە بۆ بەرگرتن بە جەنگی چاوەڕێکراو ڕێگایەکیشە بۆ لێکهەڵپێکانی خەبات بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی دڕندەی بەعس و خستنە گەری ئیرادەی هەموو خەڵکی مەحرومی عێراق بۆ بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی سبەیئی. کە ئەمەزامنی کۆتایهێنان بە لەشکرکێشی و دەستێوەردانی هەر دەوڵەت و ووڵات ولایەنێك دەبێت.

لەکۆتایدا دەبیٚ ئەو ڕاستیە بڵێم، هێنانە گۆڕی شیعاری پاراستنی کوردستان، هێنانە خوارەوەی خواستی خەڵکی کوردستانە لە بڕیاردان لە سەر چارەنووسی ئیستاو ئایندەیان بەدەستی خۆیان بۆهێشتنەوەی ستەمی نەتەوایەتی دەیان ساڵەو پشت گویٚ خستنی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی.

خەڵکی کوردستان دەیانەوێت لەدەست زوڵمی قەومی بەیەکجاری ڕزگاریان بێت، نایانەوێت بەدوای ڕوخانی بەعسدا ئەمجارە لەسەر دەستی دەسەڵاتی ئیسلامیەکان و سامەرایی وچەلەبیەکاندا هەمان بێماف و سەرکوت یەخەیان بگرێتەوە، کۆتایهێنانیش بەو زوڵم و زۆرو سەرکوتە بە پێکهێنانی دەوڵەت و جیابونەوەی کوردستان دەبێت لە عێراق. نەك بە شیعاری بۆشی پاراستنی کوردستان. خەڵکی کوردستان ئەگەر ماف جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی بۆ بەرەسمی بناسرێت لە ئاستی ڕەسمی و دەولیدا، زۆر باش دەتوانن بەرگری لە خۆیان و لەدەوڵەتەکەیان بکەن. باسی پاراستنی کوردستان کە ئەمڕۆ هێنراوەتە گۆڕ جگە لە شیعارێك بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ناشەرعی ئەحزابی کوردی هیچی تر نیە، دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد توشی بنبەست و بی ئاسۆی بووەو خەریکە زەنگی مەرگی دەسەڵاتی لێدەدرێت و هەراو هۆریای پاراستنی کوردستانیش هەراو هۆریای پاراستنی ئەم دەسەلاٌتە دوانزە ساڵەیە، نەك شتێکی تر. ئەم دەسەڵاتە خەریکە بەکردەوە باجی خۆشخزمەتی و کاڵفامی خۆی بۆتەعامول و دیتنی ڕوداوەکان دەداتەوە.

٢٠٠٣/٣/٥

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت